

# سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ...
# سەرلەنوێ نۆبڵ بۆ ژنێک





**سڤیتلانا نزیکەی40ساڵ خۆی بەلێکۆڵینەوەی گەلانی یەکێتی سۆڤیەتەوە سەرقاڵکردووە، بەڵام کارەکانی تەنیا قسەکردن نەبووە لەسەر مێژوو، بەڵکو کارێکی نەمر و زیندووی ئەنجامداوە.**
**ستایلی کارکردنی نائاساییەو پشت بەتێکەڵەیەکی جوان لەدەنگەکانی مرۆڤایەتی دەبەستێت**

ژنە نووسەرو رۆژنامەنووسی بیلاروسی سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بۆساڵی 2015بەدەستهێنا و پاش راگەیاندنی خەڵاتەکەش ، سەرۆکی ئەکادیمیای سویدی خاتوو سارە دانیوس رایگەیاند: رۆمانەکەی سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ (فرە دەنگ) سیمبولی مۆنۆمێنتی ئازایەتی و نەهامەتی ئەم سەردەمەمانە.

لای خۆشیەوە سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ لەبارەی خەڵاتەکەوە کە بڕەکەی (8ملیۆن کرۆن)ە، رایگەیاند" لەخۆشییەکی بێهاوتادام".

سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ یەکەمین ژنە ژنە رۆژنامەنووسە، کە ئەو خەڵاتە بەدەستدەهێنێت و لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیشدا لەئۆفیسی رۆژنامەیەکی لۆکاڵی لەمینسکی پایتەختی بیلاروسیا رایگەیاند"خەڵاتەکە تەنیا بۆخۆم نییە، بەڵکو بۆ گشت رۆشنبیری و وڵاتە بچووکەکەمانە."

## ژیانی تاراوگە

یەکێك لەشاکارەکانی سڤیتلانا کە وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، بریتییە لە(هاوارەکان لەچیرنۆبڵ)ەوە، مێژووی گێڕانەوەی کارەساتە ئەتۆمییەکەی 1986، (رۆڵەکانی زنك) کەئەویش بریتییە لەکۆمەڵێك چیرۆکی جەنگی سۆڤییەت- ئەفغانستان،ناونیشانەکەشی ئاماژەیەکە بۆ تابوتەکانی ژنێك، کە تەرمی کوژراوەکانی بۆ نیشتمان دەگواستەوە، هەڵبەت ئەو کتێبە ناکۆکی و توڕەبوونی لێکەوتەوە، کاتێك بۆجاری یەکەم لەروسیا بڵاوکراوەیەوەو لەلایەن رەخنەگرانیشەوە بە دەرهاویشتەی خەیاڵی نووسەرە، هەروەها سڤیتلانا رەخنەی لەحکومەتی وڵاتەکەی گرتوە، کە بۆماوەیەك لەرێگەی گوێگرتن لەپەیوەندیە تەلەفۆنییەکانی چەوساندویەتیەوەو رێگری لێکردوە لەوەی لەشوێنە گشتییەکان دەربکەوێت.

سڤیتلانا بۆ ماوەی 10ساڵ لەتاراوگە و لەئیتاڵیا و فەرەنساو ئەڵمانیا و سویدو چەند وڵاتێکی تر ژیانی لەسەربردوە بەرلەوەی بۆ مینسك بگەڕێتەوە.

لەبارەی وڵاتەکەیەوە لەسایەی ڤلادیمێر پۆتنەوە، سڤیتلانا دەڵێ " جیهانی روسیام خۆشدەوێت، بەڵام تەنیا جیهانە مرۆییەکەی، نەك بیریاو ستالین و پۆتن، چونکە ئەوانە روسیایان جێهێشت تا نوقمبێت".

## بەرچەکرداری بیلاروسیاو روسیا لەبەرامبەر خەڵاتەکە

شانۆنووسی بیلاروسی ئەندریە کۆریچیك لەبارەی سڤیتلاناەوە دەڵێ" سەرکردەیەکی نوێی نیشتمانیی لەبیلاروسیا سەرهەڵدەدات، کە دەسەڵاتی لەدەسەڵاتی هەر سیاسییەك، تەنانەت سەرۆکیش بەهێزترە، کە هەڵگری بەها سروشتییەکانی ئەوروپایە". لایخۆشیەوە وەزیری دەرەوەی بیلاروسیا لەبارەی سڤیتلاناوە دەڵێ" سڤیتلانا لەمێژووی گەشەکردنی نەتەوەو کۆمەڵگەو دەوڵەتی بیلاروسیادا باسدەکرێت. لەکاتێکدا رۆژنامەنووسی روسی دیمتری سەمیرنۆڤ،



که هەواداری کریملنە دەبێژێت" مەخابن پێدانی ئەو خەڵاتە بە سڤیتلانا لەبەرامبەر رق و کینەیەتی لەروسیا ". هاوکات رۆژنامەنووسی سەربەخۆی روسی ئۆلیگ کاشین دەڵێ" ئەو نوێنەرایەتی جیهانی روسیای بێ پۆتین دەکات ،جیهانی زمان و ئەدەبی نەیاری حکومەتی روسیا. ئەو خەڵاتە سەرکردەیەکی رۆحیی پێبەخشیوین".

سڤیتلانا راستییە نەشاراوەکانی سۆڤییەت ئاشکرادەکات

سڤیتلانا لەساڵی 1948 لە شاری ئیڤانۆ- فرانکیسکی ئۆکرانیا لەدایکبووە، کە دواتر ئەو شارە بە ستانیسلای ناسرا.. ئەو لە باوکێکی بیلاروسی و دایکێکی ئۆکرانیە. پاش دەرچوونی لە زانکۆ بۆچەند ساڵێك وەك رۆژنامەنووس کاریکردوە بەر لەوەی یەکەمین کتێبی (ئەدگاری ناژنانەی جەنگ) ساڵی 1985بڵاوبکاتەوە. ئەو کتێبەی پشتی بە کۆمەڵێك دیدار لەگەڵ سەدان لەو ژنانە بەستووە، کە لەجەنگی دووەمی جیهانی بەشدارییانکردووە و بەوەش قاڵبێکی بۆ کارەکانی داهاتووی دارشتووەو لە پشتبەستن بەگێرانەوەی شایەتحاڵەکان بەرەو رووداوە تراژیدیاکانی جیهان چووە.

سڤیتلانا سەبارەت بە هەڵبژاردنی کاری رۆژنامەگەری دەڵێت" ئەو پیشەیەم هەڵبژاردووە کە تیایدا دەنگی مرۆڤەکان باس لەخۆیان دەکەن".




پێشتریش سڤیتلانا خەڵاتی PEN ی سویدی بەدەستهێناوە لەبەرامبەر نووسینی " ئازایەتی و کەرامەت لەوێنەی نووسەر"دا.

خاتوو دانیوس دەڵێ: سڤیتلانا بۆماوەی نزیکەی40ساڵ خۆی بەلێکۆڵینەوەی گەلانی یەکێتی سۆ ڤیەتەوە سەرقاڵکردووە، بەڵام کارەکانی تەنیا قسەکردن نەبووە لەسەر مێژوو، بەڵکو کارێکی نەمری و زیندووی ئەنجامداوە" هاوکات ئەو ئەکادیمیستە سویدیە دەڵێت" ستایلی کارکردنی سڤیتلانا نائاساییەو پشت بەتێکەڵەیەکی جوان لەدەنگەکانی مرۆڤایەتی دەبەستێت، کە تێگەیشتنمان بۆ سەرلەبەری سەردەمەکە قوڵدەکاتەوە. لادبرۆکس دەڵێت، سڤیتلانا یەکێك لەباشترین ژنە نووسەرەکان، هەربۆیە خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی بۆ ساڵی 2015 پێبەخشرا و توانی لەبەرامبەر ئەدیبانێکی وەك رۆماننوسی ژاپۆنی هاورۆکی موراکامی و نۆجی واتیونگۆی کینی براوەی خەڵاتەکە بێت. سڤیتلانا چواردەیەمین ئافرەتە، کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێدەدرێت.

**BBC News**